## عەلی مەحمود- سەرۆكی رێكخراوی چاك: یەكێك لە پیسترین جاشەكانی كەركووك لە بەغداد گیرابوو بەرپرسێكی حیزبی پارەی بۆ كۆكردبووەوە بۆ بەردانی

### دیمانە: ستیڤان شەمزینانی



رێكخراوی چاك یەكێكە لەو رێكخراوە چالاكانەی كە رۆڵی بەرچاوی هەبووە هەم لەناساندنی دۆزی ئەنفال و جینۆسایدكردنی كورد هەم لە كاركردن بۆ بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانی ئەنفالكردن و جینۆساید, لەم راستایەدا كاری گرنگیان ئەنجامداوە وەك هەڵمەتێك بەدادگا گەیاندنی تاوانبار(نزار عەبدولكەریم خەزرەجی) كە دواتر ناچاربوو وڵاتی دانیمارك بەجێبهێڵێت , پاشان چاك رۆڵی سەرەكیی هەبوو لە پرۆسەی بەدادگاگەیاندنی تاوانباری هۆڵەندیی (فرانس ڤان ئەنرات)كەدواجار لەلایەن دادگای وڵاتەكەیەوە 17 ساڵ سزای زیندانیكردنی بۆ دەرچوو بەهۆی هاریكارییكردنی رژێمی بەعس بۆ پەیداكرنی چەكی كۆكوژ.ئێستا چاك سەرقاڵی هەڵمەتێكە بۆ بە دادگا گەیاندنی ئەو جاش و موستەشارانەی لە پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدكردنی كورددا بەشداربوون,لەم رووەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ(عەلی مەحمود محەمەد) سەرۆكی رێكخراوی چاك سازكرد.

**ستیڤان:** وەك دەزانین بەم دواییانە رێكخراوی چاك پرۆسەیەكی دەستپێكردووە بۆ بە دادگا گەیاندنی ئەو موستەشارانەی بەشداربوون لە پرۆسەی ئەنفالدا , دەپرسین ئێستا كاتێكی درەنگ نییە بۆ ئەو كارە .؟ئایا هەست بەوە ناكرێت تا ئێستا خەمساردیی هەبووە لە لێپێچینەوە لە تاوانبارە كوردەكان.؟

**عەلی مەحمود :** دیارە هەر بەڕاستی ئێستا درەنگە بۆ ئەو هەڵمەتە , 20 ساڵ بەسەر تاوانەكەدا تێپەڕیوەو زۆرێك لەو تاوانبارە گەورانە مردوون و یان كوژراون , ئەمەش زیانێكی گەورەیە , بەشێكیشیان ئەمڕۆ لە لێواری مەرگدان , بە لەناوچوونی هەر یەكێك لەوانە لاپەڕەیەكی گرنگ لەو تاوانە دەچێتە قەبرەوە , دنیایەك نهێنی و یادەوەریی بزر دەبێت , بەشێكی گرنگی گوزارشتی تاوانەكە لای ئەوانە , هێشتا ئەو مێژووەمان تۆمار نەكردووە , ئەوەش كەلێنێكی گەورەیە لە نووسینەوەی مێژووی ئەنفال , بۆیە دەبێت دەست بەو كارە بكرێت , ئەگەر بۆ دادگایی تاوانكارانیش نەبێت , بەڵكە لەبەر خاتری نووسینەوەی مێژووی ئەنفال .

ناوەندی چاك لەسەرەتای هاتنە مەیدانییەوە بۆ ئەوكارە پێكهاتووەو بەردەوام ئەو داواكارییەی هەبووە , من هیچ گۆڕانكارییەك لە میتۆدی چاك نابینم سەبارەت بەو كارە لە ئێستا و ڕابردوو , وەلێ ئەوەی تازەیە ئەوەیە چاك

بەهەموو توانایەكییەوە چۆتە پشت  قوربانیانی سەنگەسەر و پشدەر , دیارە لەهەر جێگەیەكی دیكەی كوردستان قوربانیان بیانەوێت هەمان هەنگاوی خەڵكی سەنگەسەر بنێن ئەوە با بزانن چاك بەهەموو شێوەیەك لە پشتیانەوە دەوەستێت و ئەوەی لە تواناو لە دەستی بێت درێغیی ناكات , چاك بۆ ئەو كار و ئەو مەبەستە دروست بووە , ئەگەر ئەوە نەكات بوونی مانای نامێنێت , ڕاستگۆیشی لەوێوە دەردەكەوێت , بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی غەیرە كورد گرنگە لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە , وەلێ بە دادگاییگەیاندنی تاوانكارە كوردەكان ئازایەتی و قارەمانیەتییەكی بێ وێنەیە , هیوادارم ئەو شەرەفە گەورەیە بەر چاك بكەوێت , نموونەی كەسانی وەك مستەفای حەسەن گەورەی زۆر بێت لە ڕیزەكانی  .

ستیڤان:  دیارە دۆزی دادگاییكردنی كۆنە موستەشارەكان دۆزێكی ئاڵۆزە چونكە بەدەر لەوەی هەندێكیان هەڵاتوون و هەندێكی تریان كاربەدەستی دوو حیزبە سەرەكییەكەی كوردستانن  ,ئەو كەمپینەی ئێوە پێویستی بە دیكۆمێنت و ئامادەكارییەكی تەواوی قانوونی هەیە دەكرێت بپرسین لەو بارەوە چیتان كردووە؟

عەلی مەحمود: هێشتا ئێمە كەمپینێكی عەمەلی وامان نەكردووە , قوربانیان بەسن بۆ تاوانباركردن  , تەنیا ئێستا پرۆسەی بە دادگاییگەیاندنی چەند جاشێك لە لایەن چاكەوە دەستی پێكردووە , وەلێ بەشێوەی گشتگیر هەنگاوی وامان نەناوە , هەنگاوی وا گەورە بە ڕێكخراوێكی بچووكی وەك چاك ناكرێت , وەلێ ئێمە لە ڕێگەی كەمپینی ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال 10-6-2007 , دەمانەوێت جارێكی دیكە ئەم دۆسیە تۆز لێنیشتووە بهێنینەوە مەیدان و لە كۆن بوون و لە بیرچوونەوە بیپارێزین , هیوادارم هەموو كۆمەڵگا پەیوەست بن بەو كەمپینەوە , بتوانین داواكارییەكانمان بۆ 10-6-2007 بكەینە داواكاریی گشتی كۆمەڵگا , ئەوانەی  لەو تاوانە پشكدارییان كردووە ڕابكێشرێنە دادگا , دادگای ئەنفال بەو 7 كەسە كۆتایی نەیەت .

ئەمەوێت ئەوەش ڕوونبكەمەوە , ئێمە دادگایی تاوانبارانمان دەوێت نەك موستەشارەكان , چونكە تاوانباری وا هەیە موستەشارنەبووە , موستەشاری واش هەبووە تاوانبار نەبووە , ئەو دووە با جیا بكەینەوە لەیەكتر , لە لایەكی دیكەشەوە ئەوانەی هەڵاتوون دەكرێت ناویان بدرێتە ئەنترۆپۆڵ و دەست بەسەر سەروەت و سامانیان بگیردرێت لە كوردستان , ئەوانەشی ئادرەسیان دیارە لەو وڵاتانە داوایان لەسەر تۆمار بكرێت , ئەوەیان زۆرگرنگە , ئەگەر بتوانرێت چەند تاوانكارێك كە ناسنامەی ئەم وڵاتانەیان هەبێت بدرێنە دادگا , ئەوا پرسی ژینۆسایدەكە دەبەینە پێشەوە , بۆیە داوام لە هەموو لایەك ئەوەیە با لە دەرەوە چەند تاوانكارێك بدەینە دادگا , بە دەستكەوتێكی گەورە بۆ كورد تەواو دەبێت .

داواكاریشم لە كەس و كاری قوربانیان شوێن پێی تاوانكاران هەڵبگرن , لە ڕێگای سەفارەتخانەكانی ئەو وڵاتانە شكات لەو تاوانكارانە بكەن , متمانەتان هەبێت زیندان جێگایان دەبێت , بە دادگاییگەیاندنی ئەو تاوانكارانە لەو وڵاتانە زۆر ئاسانە بەخێر و بەرەكەت بۆ كورد تەواو دەبێت  .

ستیڤان: وەك دەزانین ساڵی 1991 بەرەی كوردستانی بە بریارێكی سیاسی نەك یاسایی لەهەموو ئەو موستەشارانە خۆشبوو كەلەو بەروارەوە وازیان لە پەیوەندییەكانیان هێنا بە رژێمی بەعسەوە بەڵاَم ئێستا ئێوە دەتانەوێت دادگایی بكرێن . پرسیار ئەوەیە چۆن خۆتان لەم هاودژییە قوتار دەكەن و سەركەوتن بەدەست دەهێنن؟

عەلی مەحمود:  من بۆ خۆم زۆر زوو بابەتێكم نووسی لەسەر ناشەرعی بوونی ئەو لێبووردنە گشتییە  پارساڵیش بوو بە یەكێك لە داواكارییە سەرەكییەكانی كەمپینی بە دادگاییگەیاندنی جاشەكان , ئەوە بڕیارێكی سیاسییە لە لایەن لایەنێكەوە شەرعیەتی جەماوەریی نەبووە , ئەو بڕیارە هیچ بەهایەكی نییە , تاكە لایەن بتوانێت لە تاوانكاران خۆش بێت ئێمەین كەس و كاری قوربانیان  , لێخۆشبوونی ئێمەش تەنیا دەكرێت لە ڕێگەی دادگاوە ئەنجام بدرێت , نەك سوڵح و بەرژەوەندیی سیاسییەكان , دەكرێتیش بە شەڕی یاسایی ئەو بڕیارە پووچەڵبكەینەوە .

ستیڤان: بەشی زۆری جاش و موستەشارەكانی دوێنێ بەرپرسەكانی ئەمڕۆی پارتی و یەكێتین بە بڕوای تۆ ئەو دوو پارتە

**نابنه داكۆكیكار لێیان یان بەمانایەكی تر پارتی و یەكێتی ئەم مەلەفە داناخەن لە بەرژەوەندیی كۆنە موستەشارەكان؟**

**عەلی مەحمود:** ئەی چۆن ڕێگر نین , بەهێز كردنی ئەو كەسانە و پاراستنیان بۆ خۆی داكۆكییە لێیان , جاش زۆرە لە بەغداد ئامر قەبزی هەیە و لە كوردستانیش خانەنشینە , یەكێك لە پیسترین جاشەكانی كەركووك لە ماوەی ڕابردوودا لە بەغداد گیرابوو , بەرپرسێكی حیزبی لە كەركووك پارەی بۆ كۆكردبوەوە بۆ بەردانی , فەتاح بەگ لە كەلارە , لە دووریی چەند كیلۆمەترێك لەو جێگایەی لە ڕۆژی 14-4-1988 دەیان هەزاركەسی بە ئەنفالكردندا , عەباس ئاغا شكاتی لێدەكرێت , دەلێت سەرۆك بارزانی بلێت دەچم بۆ دادگا ؟؟ ئەمانە هەمووی پاراستنی تاوانكاران  نیین ئەی چین ؟

**ستیڤان:** دوا پرسیارم ئەوەیە تاوەكو هەنووكە چ كارێكتان كردووە بەو ئاقارەدا یان چیتان لە ئەجیندە داناوە بۆ هەنگاوەكانی داهاتوو؟

**عەلی مەحمود:** كاك مستەفا دەعوای لەسەر عەباس ئاغا تەسجیل كردووە , عەبدوللاّ ئاغا لە دانیمارك دەعوای لەسەر تەسجیلكراوە , ناوی هەموو ئەو جاشانەی لە بەغدا ناویان هاتووە پاكنووسمان كردووە ,ئەگەر نەدرێنە دادگا بلاّوی دەكەینەوە , ئەم كەمپینەمان پێكهێناوە , ئەو كارەش زۆرگەورەیە بە تەنیا بە ئێمە ناكرێت , دەبێت كەس و كاری قوربانیان و حكوومەت بێنەپشتییەوە , لە داهاتووشدا هەنگاوی جدیتر دەبینن , ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەكرێت .

Shamzini 79@hotmail.com